# کارتەسیاسیەکانی ئیقلیمی بۆ ناو مزگەوت وپەرستگاکان

**فەرەیدون حەمەڕەشید _ سویسرا**
faraidun_73@hotmail.com
23.02.06

**بەردەوامی ئاژاوگێڕی وکارەتیرۆریستیەکان لەباشور وناوەڕاستی عێراق بەئاقارێکی وادا تێدەپەڕێت کەئیترهیچ بەشی ئەوەی پێوە نەماوەبێدەنگی وبێدەربەستی لەبەرامبەردابکرێت،ئەگەربۆچرکەیەکیش مرۆڤ لەلاپەڕەی ڕۆژنامەکان وپەردەی تەلەفزێۆنەکانەوە ئاگاداری هەواڵی کارەخۆکووژیەکان بێت،کەلەلایەن خوودی مرۆڤەوە لەداهێنانێکی قێزەونی تاسەرمۆخ ودڵ لەڕەشبینی ودرندەیی دیقەتبدات،،دەبینێت کەهەمەرۆژە بەدرێژایی نزیك بەسێ ساڵ بەتەقینەوەکان ژیان لەدەیان وسەدان مرۆڤ دەسەندرێتەوە،لەهەموو هەوڵەڕەشەکانی تیرۆریستان_یش قوربانیەکان خەڵکانی سڤیلن لە منداڵ ،ژن ، پیر ،نەخۆش ،تاخەڵکانی زەحمەتکێش ودەست فرۆشی سەرجادەومەیدانەکانی کارکردن،،لەڕوانگەوپێشهاتی سیاسی وە چەندە کارە توندو تیژیەکان بەردەوامبن ئەوەندە هەنگاوەکانی ڕێکردنی پرۆسەی سیاسی بەئیفلیجی وناکامڵ دەچێتە پێش و بەقازانج ودەستکەوتی عێراقێك نابێت کەهەموولایەك بتوانێت ئومێدەکانی لەسەربنیاتبنێت، ،لەهەمووی مەترسیدارتر کەئەبێت زۆر بە پەرۆشەوە درکی پێبکرێت و زۆربەئامادەباشانە بەرەنگاری ببینەوە،ئەو بەرگەترسناکەیە کەتیرۆرخۆی لەژێرچەتری ئاین ومەزهەبگەرایی دا پێ پۆشتەکردووە و پەیتا پەیتا سامناکترین ئاسەوارومیراتی ڕەش بۆکۆمەڵگای عێراقی بەرهەم دێنێ،بەڵگەش بۆگوومان نەکردن لەوبەرگەی تیرۆر لەخۆی ئالاندووە، دووبارەبوونەوەی تەقەکردن لەمزگەووتەکان لەشاری بەغداو و تەقاندنەوەی پەرستگاکان لەشارۆچکەی سامەرا بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن،،بیرمان نەچێت کەئەم جۆرە لەتووندووتیژی کەخەریکەبەتەواوی خۆی بەسەرکۆمەڵگای عێراقی دەسەپێنێت.جگەلەپەکخستن و ڕەشبینی بۆ ئایندەی سیاسی وبنیاتنانی وولات،ڕەگێکی درێژوقوڵی یەکترنەوویستن وپێکەوەنەژیان بۆ پاشەڕۆرژی ژیانی ئایندەی چەندنەوەی تر دادەکوتێتەڕۆی ئەوپێکهاتەیەی لەعێراقداباوەڕی بەم ململانێ یە ئەستوورە،ئاشکرایە کەووڵاتانی ئیقلیمی بۆبەرگرتن لەپرۆسەی سیاسی و گۆڕان لەعێراق کەمتەرخەمیان نەکردوە و لەئەنجامی ئەوکارتەسیاسیانەی بەکاری دەهێنن بۆپاراستنی بەرژەوەندیەکانیان بێ دەربەستبوون لەوپشێوی ومالۆیرانیەی بەسەرخەڵکی عێراق دێت،بۆیەهێزەسیاسیەلۆکالەکانی عێراق گەردەخوازن لەگەڵ ئەوپرۆسەی پێیدەگووترێت گۆڕان ویەکترقبوڵکردن لەعێراقی دیموکراسی،دەبێت لەئەوەلیاتی کاریاندا بەربەم بەلاگەورەیەی تیرۆر بگرن ،هەرپشتگیری و چاونووقاندنێکی ڕاستەوخۆ یان نارستەوخۆ لەسەرئاستی هێزە سیاسیەلۆکالیەکانی ناوعێراق لەجمووجوڵی تیرۆریستان وحەشارگەوپێگەکانیان،لەبەرژەوەندی ودەسکەوتی ئەوهێزو ڕەووتەسیاسیانە هەنگاوهەڵناگرێ و گۆشەگیرتریان دەکات لەپرۆسەی سیاسی ودەسەلات ،کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لەسۆنگەی باوەڕنەبوون بەدەمارگیری مەزهەب وئاین و نەتەوە هیچ کات تووندڕەووی و تیرۆری بەرهەم نەهێناوە،بۆیە هەمووهەوڵەکانی دەخاتەگەڕبەقازانجی لەگۆڕنانی بەلای گەوورەی تیرۆرلەعێراقدا تائەوئاست وکاتەی دەزانێت بەرژەوەندیەنەتەوایەتیەکان و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان بەرچاوڕوونی پێوەدیارە...**